Zanco Journal of Law and Politics
Vol(23), No(39), 2025
ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# کاریگەرییەکانی جەنگی روسیا و ئۆکرانیا لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق 2020 – 2024

م. ی. چۆمان نامق حمد
بەشی زانستە سیاسییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق
ئیمێل choman.hamad@su.edu.krd

ID No. 4067
(PP 244 - 272)
https://doi.org/10.21271/zjlp.23.39.11
Received: 23/04/2025
Accepted: 22/06/2025
Published:27/07/2025
وشە کلیلییەکان:
جەنگی ڕووسیا وئۆکرانیا، عێراق، کاریگەری ئابووری، هاوسەنگی وهەماهەنگی

## پوختە

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە دیاریکردنی کاریگەرییەکانی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیایە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەگشتی کاریگەرییەکانی پەیوەست بە پرسی ئاسایش و ئابووری وسیاسی بەتایبەتی ،هەروەها ئامانجی دیاریکردنی کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە لەسەرئاراستەی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق بۆ دەرەوە ، هەروەها ڕادەی کاریگەرییەکانی ئەم جەنگە لەسەر عێراق، ولەلایەکی تریشەوە ڕادەی پشتبەستن بە سەرچاوە دەرەکییەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بازاڕی ناوخۆیی بۆ خۆراک، بەتایبەتی دانەوێڵە. هەروەها توێژینەوەکە ئەو ڕێوشوێنانە دەخاتە ڕوو کە عێراق بۆ چارەسەرکردنی لێکەوتەکانی ئەم شەڕە لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی عێراق بەرجەستەی دەکات، وپرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە ئایا شەڕی روسیا وئۆکرانیا کاریگەری هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق، ومیتۆدی شیکاری بەکارهێنراوە بۆ ئەم توێژینەوەیە، ولەکۆتاییدا گەیشتینە بەم دەرئەنجامانە: بەهۆی کاریگەرییەکانی شەڕی ڕووسیا وئۆکرانیا، عێراق لە سیاسەتی دەرەوەی دا پشتی بەست بە بنەمای هاوسەنگی و هەماهەنگی ودبلۆماسیەتی فرە لایەن لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە وڵاتە زلهێزەکان وەک ئەمریکا وئەوروپا بۆدەربازبوون لەقەیرانەکان، ئەمەش لەڕێگەی واژۆکردنی چەندین گرێبەست وهاوکاری لەبوارەکانی ئابووری وسیاسی وئەمنی دا، وعێراق بەرامبەر بە شەڕی ڕووسیا وئۆکرانیا، هەڵوێستی بێ لایەنی هەڵبژارد، زیاتر تیشکی دەخستەسەر دانووستاندن وگفتوگۆی ئاشتیانەی نێوان ڕووسیا وئۆکرانیا بۆچارەسەرکردنی ئەوکێشانەی کە لە ئارادابوون.

## پێشەکی

شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەری هەبووە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وهەرێمی، ئەم جەنگە زیاتر ڕەهەندێکی جوگرافیای بەرجەستە دەکات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ململانێی سەربازی لە نێوان دوو وڵاتی ئەوروپییدایە،کاردانەوەی جیۆپۆلەتیکی، ئەمنی، سەربازی و ئابووری هەبووە کە لەسەر ئاستی جیهاندا لێکەوتەی هەبووە، ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لەو جوگرافیایانەی کە لە ئاستی پێکهاتە ناوەندییەکانی پەیوەست بە گۆڕانی تێڕوانین و سیاسەتە نوێیەکانی وڵاتانی ناوچەکە شاهیدی گۆڕانکاری بنەڕەتی بووە و بەردەوامیشی هەیە،ملمڵانێیەکانی ڕووسیا و ئۆکرانیا کە شەڕی نێوان دوو وڵاتە، لێکەوتەی سیاسی وئابووری بەرجەستەی کردووە، وشەڕێکی جیهانی گشتگیر وێنا دەکات، لەلایەک ئاستی ئەو سزایانەی بەسەر ڕووسیادا سەپێنراون، هەروەها کۆدەنگی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی فراوان و بەهێز لە دژی ڕووسیا لەلایەکی ترەوە، ئەمەش تەنها کاریگەری لەسەر ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی نابێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر وڵاتانی دیکەش دەبێت کە دەیانەوێت وڵاتێکی بێلایەن بمێننەوە،هەربۆیە شەڕی بەردەوامی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەری نەرێنییان لەسەر دەبێت لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، ودەستپێکی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبوو لەسەر ئابووری جیهانی، بەتایبەتی لەسەر خۆراک و وزە ،وئەم جەنگە بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و

سووتەمەنی ، و زیادبوونی فشارەکانی هەڵاوسان و کەم بوونەوەی چالاکی بازرگانی جیهانی، و شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە کاتێکدا بوو کە جیهان ماوەیەک بوو لە کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا دەربازبوو، ئەمەش وایکرد وڵاتانی جیهان پێداچوونەوە بە سیاسەتە ئابووری و سیاسییەکانیاندا بکەن.[1]

عێراقی وەک وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ،شەڕی نێوان ڕووسیا وئۆکرانیا کاریگەری لەسەر هەبووە جا سیاسی بێت یان ئابووری...هتد ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەو هەڵکەوتە جوگرافیەی کە عێراق لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیەتی، کەوتۆتە ژێر دەئەرەنجامی ئەو ملمڵانێیە کە ناوچەکە بەخۆیەوە بینی، هەرچەندە عێراق لە سیاسەتی دەرەوەی دا بێلایەن بووە، هەوڵی دا هاوسەنگیەک لەناوچەکە دا بەرجەستە بکات ، وهەماهەنگی درووست بکات لەگەڵ وڵات جا لەسەر ئاستی هەرێمی بێت یان نێودەوڵەتی، وئامانجی ڕووبەڕووی ئەو قەیرانانە بوو کەکاریگەریان هەبوو لەسەر عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا بەدەر نەبووە لەو لێکەوتانەی کە ڕووبەڕووی بۆوەتەوە لەسیاسەتی دەرەوەی دا، لەلایەک بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، وبەرزبوونەوەی نرخی کاڵا وسووتەمەنی ئەمە لەلایکی ترەوە، ودروستبوونی پشێوی لەناوچەکە ودابەشبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆچەند بەرەیەک کە بەرەیەک پشتگیری ڕووسیای دەکرد ، وبەرەیەکی تریش پشتگیری ئەمریکا دەکرد، ئەمەش وای کرد عێراق خۆی لەهەموو جۆرە پشنگیرییەک بەدوور بگرێت و بێلایەنی خۆی لە سیاسەتی دەرەوەی دا پەیڕەوبکات، لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەوەبوو خۆی لەهەر جۆرە پێکدادانێک بەدوور بگرێت کە ناوچەکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەشێوەیەک بەرژەوەندیە نیشتمانییەکانی لەپێشەوەی هەموو شتێکەوە بوو.[2]

یەکەم: گرنگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە گرنگی لەوەدایە کە باس لە بابەتێك دەکات کاریگەری هەیە لەسەر ووڵاتی عێراق و ناوچەکە، کە هێشتا گۆڕانکاریەکان بەردەوامن. کە تاوەکو ئێستا لە ڕووی زانستییەوە بەشێوەی تایبەت توێژینەوەکە لە بارەی (کاریگەرییەکانی جەنگی روسیا و ئۆکرانیا لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق 2020 - 2024) سنووردار بووە، هەربۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیە دا هەوڵدەدەین باس لەو لێکەوتە نەرێنیانە بکەین کە عێراق ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەئەنجامی شەڕی ڕووسیا وئۆکرانیا.

دووەم:ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوەکەمان خۆی دەبینێتەوە لە خستنەڕووی ئەوکاریگەرییانەی کە ڕووبەڕووی سیاسەتی دەرەوەی عێراق دەبێتەوە لە ئەنجامی شەڕی ڕووسیا ئۆکرانیا، کە ئەم کاریگەرییانە لەسەر ئاستی ناوخۆ ودەرەوەی عێراق بەرجەستەدەبێت.

سێیەم:پرسیاری توێژینەوە:

پرسیاری سەرەکی:

ئایا شەڕی نێوان ڕووسیا وئۆکرانیا کاریگەری هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق؟

پرسیاری لاوەکی:

ملمڵانێیە بەردەوامەکانی نێوان ڕووسیا وئۆکرانیا چۆن کاریگەری هەبووە لەسەر کەرتی ئابووری عێراق؟

چوارەم:میتۆدی توێژینەوە:

لەم تویژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکارییە پەیڕەوکراوە، هەڵدەستێت بە شیکارکردنی شەڕی ڕووسیا وئۆکرانیا وکاریگەریەکانی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق، وهەروەها لەلایەکی ترەوە شیکردنەوەی هەڵوێستی عێراق بەرامبەر بە ملمڵانێیەکانی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، وخستنەڕووی چالاکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بۆبەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی ونێودەوڵەتی.

لەڕووی تیۆرییەوە پشتمان بەستووە بە ڕیالیزم تیۆرێکە وا دەڕوانێت کە تایبەتمەندی بنەڕەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئانارشییە.، بۆیە دەبێت سیاسەتی نێودەوڵەتی ململانێی دەسەڵات لە نێوان دەوڵەتەکاندا بگرێتە ئەستۆ، ئەم تیۆرە تیشک دەکاتە سەر بەکارهێنانی هێز( وەک هێزی سەربازی)، ڕووسیاش وەک ئەکتەرێکی زلهێز لە سیستەمی جیهانی دا

1 )الحرب الروسية –الاوكرانية ومستقبل النظام الدولي ،مركز الجزيرة للدراسات، مايو،2022،ص1.

2 )هايدي يحي، تداعيات الحرب الروسية الاوكرانية على توازنات الدولية والاقليمية في منطقة الشرق الاوسط وشمال افريقيا، مجلة الدراسات السياسية والاقتصادية –كليةالسياسة والاقتصاد،جامعة السويس، العدد1،السنة 4، 2024،ص46.

دەردەکەوێت فاکتەری سەربازی بۆیەکلاییکردنەوەی کێشەکان بەکارهێناوە، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وهەرێمی، ولەنێویشاندا عێراق بەتایبەتی .

شەشەم: چوار چێوەی توێژینەوە :

توێژینەوەکەمان لە ڕووی چوارچێوەییەوە سێ تەوەر لەخۆ دەگرێت

لەڕووی کاتەوە: گرنگی دەدات بەماوەیەکی دیاریکرا کە تێیدا باس لەو کاریگەریانە دەکات کە ڕووبەڕووی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بووە ، بۆئەم مەبەستە ماوەی ساڵانی وەرگرتووە ٢٠٢٠-٢٠٢٤

لەڕووی شوێنەوە: ئەم توێژینەوەی ئێمە لەسەر عێراقە

لەڕووی بابەتییەوە:لەنێو چوارچێوەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا چەندین بابەت هەن کە ڕەهەندی ئابووری وسەربازی وسیاسییان هەیە وەک، ویەکێک لەوبابەتانە کاریگەرییەکانی جەنگە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان، ولەناو سیاسەتی دەرەوە، بەرجەستەدەبێت لە سیاسەتی دەرەوەی عێراق، کەواتە ئەم پرسە چوارچێوەی بابەتی ئێمەیە، بەو واتایەی تیشک دەخەینە سەر کارییگەرییەکانی جەنگی ڕووسیا وئۆکرانیا لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە:

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە زانستییانە باس لە ناساندنی چەمکەکانی سیاسەتی دەروە و ڕەهەندە سیاسسەکان بکرێن و پێناسەی جوگرافیای سیاسی و ڕۆڵی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها باسکردنی ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەهۆی جەنگی ڕووسیا وئۆکرانیاوە، وتا چەند شەڕی روسیا و ئۆکرانیا کاریگەری هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق (٢٠٢٠-٢٠٢٤)، و لەلایەکی تریشەوە تەرکیزکردن لەسەر هەڵوێستی عێراق بەرامبەر بە جەنگی ڕووسیا وئۆکرانیا، وایشکخستنە سەر ئەو سیاسەتانەی کە عێراق پەیڕەوی کردووە لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوەی دا لەپێناو کەمکردنەوە ئەو قەیرانانەی ڕووبەڕووی بۆوە.

حەوتەم:توێژینەوەکانی پێشووتر:

کریستوفر بلانشارد، تداعیات الحرب الروسیة والاوكرانیة عل الشرق الاوسط وشمال افریقیا [1]

توێژەر ئاماژە بەوەدەدات کە هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا لەساڵی ٢٠٢٢ دا، بشێوەی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وباکووری ئەفریقیا هەبووە، بەمەش کێشەی ستراتیژی ودبلۆماسی بۆ ئەم وڵاتانە درووست کرد، وئەم جەنگە کاریگەری هەبوولەسەر پەیوەندی ئەمنی و بازاری وزە و سەقامگیری ئابووری وئاسایشی خۆراک، وهەروەها جیاوازی لە هەڵوێستی دیپلۆماسی حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا سەبارەت بە لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا ،بەشێکیان پشتگیری ڕووسیایان کرد، بەڵام بەشێکی تریان پشتگیری ئەمریکایان، وهەندێکی تریشیان بێلایەنیان هەڵبژارد.

جیاوازی توێژینەوەکەی ئێمە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە ئێمە لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تیشک دەخەینە سەر عێراق، بەخستنەڕووی هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا.

أحمد عثمان محمد، السیاسة العراقیة تجاه أزمة الغذاء العالمیة في ظل حرب روسیا وأوكرانیا[2]:

لەم توێژینەوەیەدا باس لە کاریگەرییەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بوو لەسەر ئابووری عێراق بەگشتی، هەروەها کاریگەرییەکانی پەیوەست بە پرسی ئاسایشی خۆراک بەتایبەتی، هەروەها دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە لەسەر سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە قەیرانی خۆراکی جیهانی، هەروەها ڕادەی کاریگەرییەکانی لەسەر دۆخی بەرهەمهێنان و بەکاربردن و قەبارەی پشتبەستن بە وڵاتانی بیانی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان لە بازاڕی ناوخۆیی بۆ

---

1 ) کریستوفر بلانشارد، تداعیات الحرب الروسیة والاوكرانیة عل الشرق الاوسط وشمال افریقیا، ترجمة،أمل عیتاني ،مركز الزیتونة للدراسات والاستشارات، 2023،ص

2 ) أحمد عثمان محمد، السیاسة العراقیة تجاه أزمة الغذاء العالمیة في ظل حرب روسیا وأوكرانیا ،مجلة ابن خلدون للدراسات والأبحاث، المجلد ٣،العدد٤،العراق، 2023، ص.ص٣٧٧-٣٨٠.

خۆراک، بە تایبەت دانەوێڵە. هەروەها تیشکدەخاتە سەر ئەو ڕێوشوێنانە کە حکومەتی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لێکەوتەکانی ئەم شەڕە سەبارەت بە دابینکردنی ئاسایشی خۆراک بۆ گەلی عێراق، پاشان ڕوونکردنەوەی قەبارەی کاریگەریی ئەو ڕێوشوێنانە و ڕادەی توانایان بۆ دابینکردنی خۆراک بۆ بازاڕی ناوخۆیی لە ژێر ڕۆشنایی ئەم قەیرانەدا، ئەمتوێژینەوە زیاتر تیشکدەخاتە سەر ململانێی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا و کاریگەریی ئەم ململانێیە لەسەر فاکتەری ئابووری جیهانی، کە مەترسی لەسەر ئاسایشی خۆراکی جیهانی دروست دەکات، وعێراق وەک نموونە هێناوە بۆ دیاریکردنی ڕادەی کاریگەرییەکانی لەسەر ئەم ململانێیە و توانای حکومەتی عێراق بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە خۆراکیەکان.

جیاوازی توێژینەوەی ئێمە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە کاریگەرییەکانی جەنگی ڕووسیا وئۆکرانیا لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق تەنیا فاکتەری ئابووری نییە، بەڵکو فاکتەری تریشهەن کاریگەریان هەبووە لەسەر ئاڕاستەکردنی سیاسەتی عێراق لەسەرئاستی دەرەوەی دا، وەکفاکتەری سیاسی وسەربازی و دبلۆماسی.

دیلارا أصلان، الأزمة الأوكرانية والتوازنات المتغيرة في الشرق الأوسط[1]

توێژەر ئاماژە دەدات بەوەی کە هەرچەندە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە لایەنی ڕاستەوخۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دانانرێن، بەڵام ڕەهەندە دیپلۆماسی و ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم قەیرانە کاردانەوەی درێژخایەنی لە ناوچەکەدا دەبێت، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەڵوێستە جیاوازەکانیان سەبارەت بە جەنگی ڕووسیا وئۆکرانیا لە دووبەرەکی دان، ولەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا وڵاتانی ڕۆژئاوای خستۆتە ناو قەیرانی دوای جەنگی ساردەوە، ئەم شەڕە کاردانەوەی بەرچاوی لەسەر هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە، پێشتر ئاماژە دەدرا بە گۆڕانکاری لە سیستەمی جیهانیدا دەکرێت کە لە ژێر هەژموونی ئەمریکا، بەڵام ئێستا بەهۆی قەیرانی ڕووسیا وئۆکرانیا گۆڕانکاری لە پێکهاتەی پەیوەندییە هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکانی درووستکردووە، بەشێوەیەک کە هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان پشتگیری ودژایەتی دا بەرجەستەبووە، وهەندێکیشان بێدەنگیان هەڵبژاردووە، لەنێویشاندا عێراقە، خۆی بەدوور گرتووە لە هەڵوێستی پشتگیری کردن، لەبەر ئەوەی ئامادەیی نییە ببێتە بەشێک لە ملّملانێیەکان.

جیاوازی توێژینەوەی ئێمە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا خۆی دەبینێتەوە لەوەی ، تیشک دەخەینە سەر ئەو سیاسەتی کە عێراق لە سیاسەتی دەرەوەی دا پەیڕەودەکات کە بەرجەستەبووە لە هاوسەنگی وهاوکاری لەگەڵ وڵاتان جا هەرێمی بێت یان نێودەوڵەتی.

**هەشتەم: پلانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە پێک دێت لە دوو بەش ،کە لەبەشی یەکەم دا باس لە چوارچێوەی تیۆری دەکەین دابەشمان کردووە بۆ سێ باس(چەمک وپێناسەی سیاسەتی دەرەوە، ڕۆڵی جوگرافیایی سیاسی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ولەبەشی دووەم دا گەنگەشەدەکەین لەسەر کاریگەری جەنگی روسیا وئۆکرانیا لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەلە دووباس پێکهاتووە (کاریگەری جەنگ لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاریگەری جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق (٢٠٢٠-٢٠٢٤).

---

[1] ) ديلارا أصلان، الأزمة الأوكرانية والتوازنات المتغيرة في الشرق الأوسط، مجلة شؤون الشرق الاوسط، المجلد2،العدد2022،6،ص.ص11-12.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تیۆری

سەرەتا بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەبابەتەکەو ڕونکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوە، هەوڵدەدەین کەناساندێک بکەین بۆ چەمکەکانی سیاسەتی دەرەوە و ڕەهەندەکانی سیاسەتی دەرەوە .

### باسی یەکەم

### چەمک وپێناسەی سیاسەتی دەرەوە

#### داواکاری یەکەم: چەمکی سیاسەتی دەرەوە

بۆ ناساندنی چەمکی سیاسەتی دەرەوە لە بواری زانستە سیاسییەکان، خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کراوە، لێرەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک چەمک دەکەین کە تیشک دەخەنە سەر سیاسەتی دەرەوە، بەمشێوەیە:

سیاسەت بەواتای (Politique) وشەیەکی فەڕەنسییە کە لە وشەی لاتینی (Politicus) و وشەی یۆنانی (Politikos) لە سەرچاوەی وشەی یۆنانی (Politis) شار وەرگیراوە. لەو سەردەمەدا (Politikos) بەمانای (هونەر و کردەوەی حکومەت) لە وولاتدا کەڵکی لێ وەردەگێردرا. (مەبەست لە دەوڵەتی شارەکانی یۆنانە)، مافی سیاسییەکان بە مافی بەشداری هاوولاتیانی دەوڵەت – شارەکان یۆنان لە کاروباری حکومەت دا ڕاڤە دەکران (هەر شارێك وەکو وولاتێك وابوو و سەربەخۆیی خۆی هەبوو)، هەروەها سیاسەت لە واتا تایبەتیەکەیدا، بەو هەوڵانە دەگوترێ کە حکومەتەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وولات ودیاریکردنی شێوە و ناوەڕۆکی تێکۆشانی خۆیان دەیگرنەبەر[1].

هەروەها کردەی سیاسەت، کۆمەڵگایە، سیاسەت، تێکۆشانێکی بە کۆمەڵە. سیاسەت هەموو کات پێویستی بە دوو یان چەند ئەکتەر هەیە، وەك تێکۆشانێکی هەرەوەزی و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆی یەکە گەلێکی کۆمەڵایەتی تایبەتە، وەك عەشیرەت، شار، دەوڵەت – شار، دەوڵەتی نەتەوەیی و وڵاتدا خۆ دەنوێنی[2].

هەروەها کاروباری سیاسی زیاتر لەگەڵ هەڵومەرجی ئابووری، کولتووری وبیروڕای هاوبەش خەڵکی وولاتدا دەگونجێن. وە زاراوەی سیاسەت لە کاروبار و دیاردە سیاسییەکان، وەکو دامەزراوە سیاسییەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ڕەوتە سیاسییەکان، بیروڕا سیاسییەکان، ویاسا و ڕێساکان، و ڕێوڕەسمە سیاسییەکان و پەیوەندییە سیاسییەکاندا کەڵکی لێوەردەگیرێ، وە جگە لە مانە بە مانای ڕێچکە دێ : بۆ نموونە ڕێچکەی ئابووری، و کولتووری، و کشتووکاڵی، ومادی، وپلاندانان، ودانیشتوان، وکۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی .... هتد[3].

#### داواکاری دووەم:پێناسەی سیاسەتی دەرەوە

بۆ ناساندنی سیاسەتی دەرەوە هیچ کۆدەنگیەک نییە ، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پسپۆرانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان ،هەریەکە بە ڕوانگەو تێڕوانینی جیاواز پێناسەیان کردووە، لێرەدا کۆمەڵێک پێناسەی سیاسەتی دەخەینەڕوو:

بەشێکیان پێیان وایە کە سیاسەتی دەرەوە بریتییە: لە کۆمەڵە ئامانج، و هەڵوێست، و ڕێباز و ئامرازێکە کە حکومەتێك لە هەمبەر یەکە سیاسییەکانی تری نێونەتەوەیی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، بەدواداچوونیان بۆ دەکات[4].

هەندێکی تریش پێیان وایە کە سیاسەتی دەرەوە بریتییە: لە ستراتیژیی یان زنجیرە کردەوەیەکی لە پێش داڕێژراو لە لایەن بڕیار بەدەستەکانی حکومەت، بە مەبەستی دەست ڕاگەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو لە چوار چێوەی بەرژەوەندی نیشتیمانی ولە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا. سیاسەتی دەرەوە دیاریکردن، و بەڕێوەبردن و دابینکردنی کۆمەڵێك ئامانج و

---

[1] زاهیر محەممەدی ، یاسین حاجی زادە، فەرهە نگی سیاسی ئارەش، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ، 2006، لا 399.

[2] د. محمد السيد سليم، تحليل السياسة الخارجية، القاهرة، مركز البحوث والدراسات السياسية، 1989، ص 62 ـ 63.

[3] هەمان سەرچاوە،ل399.

[4] پەرویز ڕەحیم، بنەماکانی هزری چوارچێوەی تیۆری سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، چاپی یەکەم، 2014 ، ل 22.

بەرژەوەندی نیشتیمانییە کە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا لە لایەن دەوڵەتەکانەوە جێبەجێ دەکرێ[1].،وهەندێکی تریش وا دەڕوانە سیاسەتی دەرەوە: ئەو دەستەیەیە کە لە پەیوەندییەکان دەگرێتەوە کە حکومەتەکان بەرپرسن تیایدا، بەڵام پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان پەیوەندی نێوان حکومەتەکان، گروپەکان، ڕێکخراو ودامەزاروەکان و .... هتد، دەگرێتەوە وبۆیە هەر دەوڵەتێك کۆمەڵێك ستراتیژی و ڕێوشوێن دەگرێتە بەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی و سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەو ئاراستەیەدا ڕێك دەخات[2].

وە دەتوانین بڵێین سیاسەتی دەرەوە دەتوانێ بە مانای دەستپێشخەری دەوڵەت یان کردەوەی دژ ئەو دەوڵەتە لە بەرامبەر کردەوەی دەوڵەتانی دیکەدا بێ[3].

کۆی گشتی کردارە ئاساییەکانی دوای دەوڵەت لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی خۆی و سیاسەتی دەرەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئەو ئامانجانەن کە بە کردەوەکانی دەوڵەت ئاراستە دەکرێن بۆ ئەوەی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە جێبەجێ بکەن[4].پێی بۆچوونی (ڕیمۆن ئارۆن)[5]، سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەکان لە خۆیدا دەرئەنجامی هەڵچوون وداچوونی نێوخۆی کۆمەڵگایە، بەڵام تۆڕێك لە پەیوەندییە تەنراوەکانیش لە ئاستی جیهاندا پێك دێنێ کە دەبنە یەکگرتوویی یان دەبنە هۆی دامەزراندنی ئەو پەیوەندیانەی کە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە دەوڵەتەکانەوە نیە[6].

لێرەدا دەتوانیین خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەم پێناسانە دەخەینەڕوو، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە وحکومەت کاراکتەری سەرەکین لە بواری سیاسەتی دەرەوە ، کە وەک ئامراز بەکاری دەهێنن بۆپاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کە لە درەوەی وڵاتەکەی ئاراستەی دەکات.

لەکۆتاییدا بەمشێوەیە پێناسەی سیاسەتی دەرەوە دەکەین ودەڵێن :ئەو ڕێکار و پلاندانانەی دەوڵەت یان حکومەتی وڵاتێکە بەکاری دەهێنێت بۆڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتیەکانی تر ، بەئامانجی پاراستنی چالاکی سیاسی و ئابووری وسەربازی لەدەرەوە، وئەم سیاسەتە بە ڕوونی وەک بەرنامەیەکی نیشتمانی بۆ چالاکیە نێودەوڵەتیەکان بەرکار دەبێت، کە بەمەستی پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیەتی لە ئاستی دەرەوە .

### داواکاری سێیەم: ڕەهەندەکانی سیاسەتی دەرەوە

ئەگەر سیاسەتی دەرەوە وەک سیاسەتی یەک یەکێتی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە جیهانی دەرەوە تەماشا بکرێت، ئەوا دەچێتە سەر بەرنامە دەرەکییەکانی ئەو یەکەیە و ئەم پرۆگرامانە لە چەند ڕەهەندێکەوە سەرچاوە دەگرن :

---

[1] .عربي لادمي محمد، السياسة الخارجية :دراسة في المفاهيم ،التوجهات والمحددات،مجلة دراسات وابحاث،المجلد٨،العدد٢٥، ٢٠١٦،ص٥.

[2] پەرویز ڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل 23

[3] رباح مرزه المدحتي، مفهوم السياسة الخارجية، قراءة جديدة، مجلة إكليل للدراسات الانسانية، العدد التاسع، آذار 2022 : لا 1392.

[4] زهير بوعمامة ، أمن القارة الاوروبية في السياسة الخارجية الامريكية بعد نهاية الحرب الباردة، دار الوسام العربي للنشر و التوزيع، ط1، الجزائر، 2011 ، لا 30

[5] ريمون-كلود-فردينان آرون (Raymond-Claude-Ferdinand Aron) 14ی ئاداری 1905 - 17ی تشرینی یەکەمی 1983) فەیلەسووف، کۆمەڵناس، ڕۆژنامەنووس و زانای سیاسی فەڕەنسی بوو. ناسراوترین کتێبی لە ساڵی 1955 تریاکی ڕۆشنبیران - ناونیشانێک کە دیکتۆمەکەی کارل مارکس دەشێوێنێت کە دین تریاکی خەڵکە لە جیاتی ئەوە هارون بانگەشەی ئەوە دەکات کە مارکسیزمی دوای جەنگی فەرەنسا تریاکی ڕۆشنبیرانە، هارون لە کتێبەکەیدا ڕۆشنبیرانی سەرزەنشت کرد بۆ ڕەخنەگرتن لە کاپیتالیزم و دیموکراسی لە کاتێکدا بەرگری لە سەرکوت و نابەرابەرێتی دەکرد لە هزر و پراکتیکی مارکسیدا. لە هزری خۆیدا سەرنجی خستە سەر نەفیکردنی ئەوەی لە دەرەوەی بوونی ماددی و ئەوەی لە دەرەوەی بواری ئەزموون و زانیندایە و ئەویش حەزی لە کۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرن کردووە و دەیبینی کە فاکتەری سەرەکی بزووتنەوەکەی کۆمەڵگاکان تەنیا خەباتی چینایەتی نیە، هەروەها لە نووسینەکانیدا دەستی لە پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان و دژایەتی فەلسەفی و کەموکورتییەکانی لە دیموکراتیەتی ڕۆژئاوادا بەستوە.

6 ) زاهیر محەممەدی ، و یاسین حاجی زادە، سەرچاوەی پێشوو، لا 401

لە چوارچێوەی ئاراستەی سیاسەتی دەرەوە، بە پێی پلەی تێوەگلان لە سیاسەتی دەرەوە، سێ جۆری سەرەکی جیا دەکاتەوە: گۆشەگیری، هاوپەیمانی و بێلایەنی:

ئاراستەی جیاکردنەوە:

لەسەر بنەمای گریمانەیەکی بنەڕەتی لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە دامەزراوە کە ئەم بۆچوونە پەیڕەو دەکات، ئەویش ئەوەیە کە دەتوانێت باشتر ئاسایشی و سەربەخۆیی نەتەوەیی و ئاواتەکانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسی و ئابووری و نەتەوەیی خۆی بەدەست بهێنێت کاتێک بەرژەوەندییەکانی خۆی لە کێشە و کێشە جیهانییەکاندا کەم بکاتەوە و بڕێکی کەم مامەڵەی دیپلۆماسی و بازرگانی لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراو لە یەکە سیاسییەکان بهێڵێتەوە. بە پێچەوانەوە، دەوڵەت دەیەوێت سنوورەکانی بەهێز بکات و بە کۆمەڵێک سنوور و ڕێوشوێن و ڕێوشوێنی یاسایی دابخات کە ڕێگری لە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەکات و بەم شێوەیە ڕووبەڕووی هەر هەڕەشەیەک دەبێتەوە کە بتوانێت بەها بنچینەییەکان و بەرژەوەندییە گرنگەکانی ناوخۆیی لاواز بکات.[1]

بنەما تیۆرییەکانی گۆشەگیری ئەمریکا وەک یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا تا ساڵی 1939 بەردەوام بوو و دواتر هێرشی ژاپۆن بۆ سەر پێرل هاربۆر کە کۆتایی بە سیاسەتی گۆشەگیری ئەمریکا هێنا کاتێک ئەمریکا لە ناوەڕاستی جەنگدا بە هەموو تواناکانییەوە دەستی بە جوڵە کرد و دواتر ڕۆڵی لە سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتیدا بە خێرایی دەستی کرد بە زیادبوون و بەخێرایی هەرچەندە هێشتا هەندێک دەنگ بەرز دەبێتەوە کە بەرگری لە سیاسەتی گۆشەگیری دەکەن و پشتیوانی توندی لێدەکەن و ئیدانەی تێوەگلانەکەی دەکەن ئە مە ریکا لە کاروباری جۆراوجۆری جیهاندا وە ک زلهێزێک[2]

ئاراستەی هاوپەیمانێتی:

ئاراستەی هاوپەیمانێتییەکە لەسەر بنەمای گریمانەی دەوڵەت دامەزراوە کە ناتوانێت بە پشت بەستن بە تواناکانی خۆی ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت و بەرگری لە بەرژەوەندییە ناوخۆییەکانی بکات یان ڕووبەڕووی هەڕەشە دەرەکییەکان ببێتەوە بۆیە پێویستە پشت بە وڵاتانی تر ببەستێت کە هەمان ئامانج و بەرژەوەندیان هەیە لەڕێگەی دامەزراندنی هاوپەیمانی لەنێوان خۆی و ئەو وڵاتانە و بەدەستهێنانی هاوکاری لەنێوانیاندا لەبوارەکانی سەربازی و ئابووری و کەلتووری و تەکنیکیدا.

ئامانجی فراوانبوونی ناوچە یەکێکە لە مەرجە گونجاوەکانی پەیوەست بە پێکهێنانی هاوپەیمانی سەربازی و هەرچەندە ئەم جۆرە هاوپەیمانێتیانە شەڕانگێزن بەڵام لە هەمان کاتدا خزمەت بە یارمەتیدان و بەرگری کردن لە حکوومەتی دەوڵەتە لاوازەکانی هاوپەیمانێتییەکە دەکەن لە دژی هەر یاخیبوونێکی ناوخۆیی یان یاخیبوونێک کە لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە پاڵپشتی دەکرێت. یارمەتی سەربازی لەم جۆرە هاوپەیمانێتییانەدا لەلایەن ئەو حکوومەتە بەکاردەهێنرێت کە وەریدەگرن بۆ نەهێشتنی نائارامی ناوخۆیی لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی حکومەتێکی هەمیشەیی لایەنگری ناتۆ، کە لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی فراوانبوونی ناوچەکە. چوونە پاڵ هەندێک وڵات بۆ هەردوو ڕژێمی کۆمۆنیستی و هاوپەیمانی ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی سەرەکی لە پێویستی ئەوان بۆ پاراستنی دەرەکی لە دژی ئەم ئاژاوانە سەرچاوەی گرت.

ئاراستەی بێ لایەن:

بێلایەنی ئەو ڕەوتە دەگەیەنێت کە گۆشەگیری ڕەت دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا خۆی لە پەیوەندی سەربازی بە ئامانجەکانی زلهێزەکان بەتایبەتی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت دەپارێزێت. هەرچەندە پەیوەندی دەوڵەتی بێلایەن لەگەڵ هەر یەکێک لەم دوو هێزە و پشتیوانی دیپلۆماسی لە بوارێک یان چەند بوارێکی دیاریکراودا ناکۆک نییە لەگەڵ جەوهەری بێلایەنی بە مەرجێک ئەو جۆرە پەیوەندییە لە هەموو مەسەلە و بوارەکاندا نەبێت.

1 ) د. السيد عليوة، أصول العلاقات الدولية، القاهرة :كلية التجارة، جامعة حلوان، 2000، ص 117 ـ 123.

2 ) د. نصيف يوسف حتى، النظرية في العلاقات الدولية، بيروت: دار الكتاب العربي، الطبعة الأولي، 1985، ص 167 ـ 168

لە هەمان کاتدا هیچ ناکۆکییەک نییە لە نێوان بێلایەنی دەوڵەت و لە هەمان کاتدا ئەندام بوون لە هاوپەیمانێتییەکی سەربازی و ئایدیۆلۆژی یان ئابووری لە چوارچێوەی ناوچەکەدا بەهۆی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان یان پەیوەندییە شارستانییەکان و مێژووییەکان کە لە نێوان خۆی و دەوڵەتەکانی تری ناو ئەو بوارەدا هەیە.

هۆکارەکانی بێلایەنی دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی دەوڵەتە جەمسەرییەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتی یان هەرێمیدا بۆ گرنگی ستراتیژی دەوڵەتێکی دیاریکراو کە پێیانوایە گرنگی ئەو وڵاتە یەکسان نییە بە مەترسییەکانی ململانێ و تێچوونی کۆنترۆڵکردنی یان هاوسەنگی هێز لە نێوانیاندا ڕێگە نادات یەکێک لەو وڵاتانە ئەو دەوڵەتە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. سەرنجی ڕاکێشا بۆ کەمپەکەی (وەک حاڵەتی بێلایەنی سویسری.[1]

## باسی دووەم

## ڕۆڵی جوگرافیایی سیاسی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

### داواکراوی یەکەم:چەمکی جوگرافیای سیاسی

بە دیاریکراوی جوگرافیای سیاسی بەشێکە لە بەشەکانی جوگرافیا، لە ساڵانی دواتردا لە سەدەی نۆزدە بەدواوە وەك کارەکتەرێکی سەربەخۆ گەشەی کرد. بە شێوەیەکی گشتی لە هۆکارە کاریگەرەکانی پێشکەوتنی ئەم زانستە، هاتنەکایەی قۆناغەکانی دۆزینەوە جوگرافییەکان و گۆڕانکاری لە بیری جوگرافیا بوو[2]، ئەگەرچی زاراوەی جوگرافیای سیاسی لە دوو وشەی لێکدراو پێك هاتووە، یەکەمیان وشەی "geography" کە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە. خودی وشەکە لە دوو بەش پێك دێت، یەکەمیان بریتییە لە "Geo" کە مانای زەوی دەگەیەنێت، ئەمە لە کاتێکدا دووەمیان وشەی "Grape"یە مانای پێناسە دەگەیەنێت. پاشان پێناسەی جوگرافیا لە سادەترین مانایدا بوو بە "پێناسەکردنی زەوی". هەر چی وشەی "Politic" لە وشەی "Polis"ی گریکی (یۆنانی) وەرگیراوە، واتای سەر لوتکەی گردی دەگەیانەد کە قەڵایان بە سەرەوە دروست دەکرد و خەڵکی بۆ گفتوگۆ لە سەر خۆپاراستن و کێشە گشتییەکان لێی کۆ دەبوونەوە، پاشان بووە ناوەندی هەڵسووڕانی ژیانی شاری و دەوڵەتشار[3] .

### داواکاری دووەم:پێناسەی جوگرافیای سیاسی

جوگرافیای سیاسی لە زۆر ڕووی جیاوازەوە پێناسەی بۆ کراوە، لێرەدا هەوڵ دەدەین لە بەر ڕۆشنایی چەند پێناسەیەك گەشتێکی خێرا بکەین بە نێو چەمکی جوگرافیای سیاسیدا، لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە جوگرافیای سیاسی پێناسە بکەین:

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا هاتووە: "جوگرافیای سیاسی لەو ڕێگە جیاوازانە دەکۆڵێتەوە کە جیهانی تێدا دابەش بووە بە سەر وڵات (دەوڵەت)انی جیاوازدا[4]" .

ڤان ڤالکینبۆرگ (Van Valkenberg) دەڵێت: جوگرافیای سیاسی بریتییە لە جوگرافیای دەوڵەت یان یەکە سیاسییەکەی، لێکۆڵینەوە لە هەموو وڵاتانی جیهان دەکات وەك یەکەیەك، جیا دەکرێتەوە بە بارودۆخی تایبەتی بەرهەم و بەکاربردن، بەشداری دەکات لە بەدیهێنانی پێویستییەکانی دانیشتووان، هەروەها لە بنەما جیاوازەکانی پێشکەوتنی دەوڵەت و هێزەکەی و شرۆڤەی پەیوەندیی نێوان ئەو دەوڵەتە و دەوڵەتانی تر دەکات لە سەر بنەمای جوگرافی.

1 ) د. محمد السيد سليم، التحليل العلمي للسياسة الخارجية ـ إطار نظري، الفكر الاستراتيجي العربي، عدد 40، أبريل1992 ، ص 140 ـ 142.

2 ) على احمد هارون، اسس جغرافية سياسية، دار الفكر العربي، الطبعة الأولى، قاهرة، 1998، ص 28

3 ) کازم ئەحمەد سەدرەدین، ئایندەی پەیوەندیی نێوان جوگرافیای سیاسی و جیوپۆلەتیك، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە 17، ساڵی چوارەم، حوزەیرانی 2023، ل 80

4) Stevenson, A. (Ed.). (2010). Oxford dictionary of English. Oxford University Press, USA

کراسی (Cressey) دەڵێت: جێبەجێکردنی بنەما جوگرافییەکانە بەسەر کێشە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، لێکۆڵینەوەیە لەو ڕاستییانەی کە پەیوەستن بە پێگە (شوێن) و سنوورە سیاسی و پێکەوەبوون و ڕەگەزە ناوخۆییەکانی دەوڵەت.

بۆمان (Bowman) دەڵێت: جوگرافیای سیاسی زانستێکە یارمەتیمان دەدات بۆ دیاریکردنی هۆکارە جوگرافییەکان، کە کاریگەریی لە سەر سلوکی سیاسیی مرۆڤ هەیە[1].

لە پێناسەیەکی تردا، دەوڵەت بە دیاردەیەك لە جوگرافیای سیاسی ناو براوە بەوەی کە "دەوڵەت دیاردەیەکی جوگرافیای سیاسییە(Politico- Geographic phenomenon) ، بەڵام جوگرافیای سیاسی ئەو زانستەیە کە تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوە لە دەوڵەت."[2]

یەکێك لە پێناسە باوەکان، بۆ جوگرافیای سیاسی، پێناسەکەی "کارل ساور"ە کە وا گوزارشت لە جوگرافیای سیاسی دەکات کە "جوگرافیای سیاسی منداڵێکی ناشەرعییە لە کۆمەڵەی زانستە جوگرافییەکان ( The Wayward Child of the Geographical Sciences)[3]

داواکاری سێیەم: ڕۆڵی جوگرافیای سیاسی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

فاکتەری جوگرافیای سیاسی کاریگەری ئەوتۆی هەیە لەسەر جیهان، بەتایبەت ئەو ناوچانەی پێگەیەکی ستراتیژیان هەیە، لێکەوتەی ئەرێنی ونەرێنی هەیە لەسەر وڵاتان، جوگرافیای سیاسی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ڕۆڵی هەیە لە تێگەیشتن لە کارلێکەکانی نێوان دەوڵەتان و شیکردنەوەی هێزە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی هەر وڵاتێک، وەهەروەها یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە ململانێ نێودەوڵەتیەکان و شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ناکۆکی نێودەوڵەتی. هەروەها ڕۆڵی هەیە لە داڕشتنی پلانی سیاسەتی دەرەوە و بڕیاری سیاسی دروست.[4]

جوگرافیای سیاسی یەکێکە لەو پرسانەی دەوڵەت کە جێی بایەخی سیاسەت و سیاسییەکانن، "زانستی جوگرافیای سیاسی بایەخ و لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو ناوچانەش دەکات کە کێشەیان هەیە و نائارامن، ئەو هۆکار و دەرئەنجامانە شی دەکاتەوە، جا چ لە سەر ئاستی هەرێمی، یان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بێت (وەک: کێشەی قوبرس، کێشەی کشمیر، کێشەی کورد، کێشەی عەرەب ئیسرائیل، کێشەی نیمچەدوورگەی کۆریا). هەروەها ئەم زانستە لەو ڕێکخراو و بزووتنەوە سیاسی و جوداخوازییە چەکدارانەش دەکۆڵێتەوە کە خەبات دەکەن لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا، وەك ڕێکخراوی: (شین فین، ئێرلەندا، ئیسپانیا، پۆلیساریۆ، ئەمازیغییەکان و...). جگە لەوەش، جوگرافیای سیاسی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکانیش دەکۆڵێتەوە کە دەوڵەتان حەز دەکەن بە ویستی خۆیان ببنە ئەندام تیایدا، وەك ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی سەربازی وەك پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (NATO)، ڕێکخراوی ئابووری وەك بازاڕی هاوبەشی ئەورووپی (E.C.M)، یان ڕێکخراوی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا (Seato)، یان ڕێکخراوی هەرێمایەتی وەك کۆمەڵەی هاریکاریی عەرەب... هتد. زۆر جار جوگرافیای سیاسی لەو بابەتانەش دەکۆڵنەوە کە ڕامیاری نین، بەڵام دەبنە گرفت لە نێوان دەوڵەتاندا (وەك: ئاوزێڵی ڕووباری نیل لە نێوان میسر و سودان و ئۆگەندا، یان ئاوزێڵی ڕووباری فوڕات لە نێوان تورکیا و سووریا و عێراق)[5].

[1] علی احمد هارون، اسس جغرافية سياسية، دار الفكر العربي، الطبعة الأولى، قاهرة، 1998، ص 28

[2] محمود توفيق محمود، مفهوم الجغرافية السياسية ومجالها, دار المنظومة, مجلة الرسالة, العدد 120, جامعة الكويت, كلية العلوم الاجتماعية, قسم الجغرافيا،ص 24

[3] محمد رياض, الاصول العامة في الجغرافية السياسية و الجيوبوليتيكا, مؤشسة هنداوي, المملكة المتحدة- الامارات, 2017 , ص 15.

4) شاهر الشاهر،الجغرافية السياسية،المركز الديمقراطي العربي،ألمانيا، 2024،ص.1.

[5] كازم ئەحمەد سەدرەدين، ئايندەی پەيوەنديی نێوان جوگرافيای سياسی و جيوپۆلەتيك، گۆڤاری ئايندەناسی، ژمارە 17، سالی چوارەم، حوزەيرانی 2023، ل 92-93

لە ڕووی دیاردە ناوخۆییەکانی وڵاتیش، ئەوا جوگرافیای سیاسی ئەو لێکۆڵینەوانەش لەخۆ دەگرێت کە لە سەر هەندێك دیاردەی سەر ڕووی زەوی ئەنجام دەدرێن، وەك: سنوورە سیاسییەکان، شوێنی پایتەخت، شێوەی وڵات، ڕووبەر، قەبارەی دانیشتووان، لەگەڵ ئەو کێشانەی پەیوەستن لەم بواردا، ئەمە سەرەڕای بایەخدان بە کێشەی کەمایەتییەکان و لە هۆکار و دەرەنجام و دابەشبوونیان دەکۆڵێتەوە. زانستی جوگرافیای سیاسی لەو دەرامەتانەش دەکۆڵێتەوە کە لە بەر دەستی دەوڵەتدان (جیۆلۆجیا، ئاووهەوا، خاك، سامانی ئاو، ڕووەکی خۆڕسك...). ئەم زانستە هەوڵ دەدات تیشك بخاتە سەر ئەو شێوازە سوودوەرگرتنەی کە پێویستە لەو دەرامەتانە وەربیگرێت و بەها و سەنگی سیاسی و گرنگیی هەریەکێکیان دەخاتە ڕوو. جوگرافیای سیاسی بە شێوەیەکی گشتی کار لە سەر دوو گریمانە دەکات: "گریمانەی یەکەم: دەڵێت مرۆڤ هەمیشە هەوڵ دەدات خۆی ڕێك بخات لە یەکەی گەورەتر لە خێزان، ئەمەش ناچاری دەکات بچێتە ناو سیاسەتەوە. هەروەها مرۆڤ بە سروشتی خۆی وەفادارە بەرانبەر ئەو شتانەی کە تێیدایە و لە ناویدا لەدایك بووە، واتە وەفادارە بەرانبەر بە شوێن و بەرانبەر بە خەڵك. وەفاداری بۆ هۆزێکی دیاریکراو بۆ شارێك یان نەتەوەیەکی دیاریکراو، ئەمەش مەسەلەیەکی سروشتییە. لەم سەردەمەی ئێمەشدا خۆشویستنی نیشتمان و ئینتیمای نیشتمان مەسەلەیەکی چارەنووسییە."[1] گریمانەی دووەم: جوگرافیای سیاسی خەسڵەتەکانی هەر نەتەوەیەك تا ئەندازەیەکی زۆر لە لایەن جوگرافیاوە دیاری دەکات نەك هەر ئەمە، بەڵکوو جوگرافیا پەیوەندیی نێوان نەتەوەکانیش دەستنیشان دەکات. جوگرافی بەس بە تەنیا بریتی نییە لە سیفەتە فیزیاییەکانی شوێنێك، بەڵکوو لەوەش دەکۆڵێتەوە کە ئەو شوێنە چ دەور و تەئسیرێکی هەیە لە سەر مرۆڤ و کۆمەڵگەکان.[2].

گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی وعێراق بەتایبەتی ، لەڕووی جوگرافیاوە ئاماژەیە بۆ شێوازی بەکارهێنانی وڵاتان یان زلهێزە جیهانییەکان لە ڕووی سیاسییەوە ئەم شوێنە جوگرافییە لە ململانێی خۆیان لەگەڵ زلهێزەکان، وەک شەڕی سارد و ململانێی ئایدیۆلۆژی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت و هەوڵەکانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وبەکارهێنانی بۆمەرامە سیاسییەکانی خۆیان، وتا ئەمڕۆش ململانێکان بەردەوامی هەیە و بەکارهێنانی ئەم ناوچەیە وەک مەیدانی جەنگین بەهۆی نزیکی جوگرافی و هەڵکەوتەی لە نێوان کیشوەرەکان و بوونی گەروو و کەنداوەکانی (کەناڵی سوێس و کەنداوی عەرەبی و گەرووی هورمز و هتد) گرنگن ،دەتوانین گرنگی تایبەتمەندییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستنیشان بکەین، کە وایکردووە ببێتە جێگەی سەرنجی جیهان، بەم شێوەیە:[3]

-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەوێتە نێوان کیشوەرە گەورەکان (ئاسیا، ئەوروپا، ئەفریقا).

- ناوچەکە دەڕوانێتە گەورەترین دەریا و زەریاکان: دەریای خەزەر، دەریای ڕەش، دەریای ناوەڕاست، دەریای سوور، کەنداوی عەرەبی، زەریای هیندی.

-چەندین ڕووباری گرنگی تێدایە، وەک ڕووباری نیل، دیجلە، فورات، ڕووباری ئوردن، جگە لە ڕووباری بچوکتر، کە زۆربەیان ڕێگەی کەشتییان هەیە.

عێراق بەدرێژایی مێژوو بووەتە شوێنێکی جیۆستراتیژیکی ناوەندی و هەڵکەوتەی لە دڵی جیهانی کۆندا وایکردووە ببێتە پردی پەڕینەوە بۆ ڕووبار و وشکانی و دەریایی لە نێوان کیشوەرە کۆنەکاندا، هەروەها شوێنەکەی کەوتۆتە ناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگییەکی سەرەکی هەیە، وپێگەیەکی گرنگی هەیە لە ناوچەکەدا بەتایبەت لە جیهانی مۆدێرن دا، بەو پێیەی لە ناوەڕاستی دەریا ناوەندییەکانی جیهاندایە: دەریای ناوەڕاست، دەریای ڕەش، دەریای سوور، کەنداو و دەریای

---

[1] جۆرج فریدمان، سەدساڵی داهاتوو، و: د. شێرکۆ عەبدوڵا، چاپخانەی کەمال، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2013

[2] کازم جەباری، ڕەهەندەکانی پەیوەندیی نێوان جوگرافیا: بەشی دووەم و کۆتایی، 2024 ، ماڵپەری چاو، ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢٦٥/ئاب/٢٠٢٤، ڕۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٦/٨:

https://chawykurd.com/25/08/2024

3 )عبدالكريم بن راحلة، الشرق الأوسط وتأثير التغيرات الجيوسياسية على الأمن القومي لإيران بعد أحداث الحادي عشر من سبتمبر 2001، مجلة آفاق العلمية، مجلد١٣،العدد١، ٢٠٢٠،ص٤٢٥.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

خەزەر. بەم پێیە عێراق بە پردێک دادەنرا کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ڕابردوو و ئێستا و لە داهاتوودا لە نێوان باکور و باشووردا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لەلایەکی تریشەوە کەوتۆتە ناوچەی کەنداوی عەرەبی، لەلایەکی دیکەشەوە ناوجەرگەی بەرژەوەندییە زیندووەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەلایەکی سێیەمیشەوە وەک دەروازەیەکە لە ڕۆژهەڵات بۆ جیهانی عەرەبی ،جگە لەوەی کلیلی پەیوەندییەکانی ناوچەکەیە بەگشتی.[1]

## باسی سێیەم

## تیۆری ریالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

ڕیالیزم یەکێکە لە گرنگترین تیۆرییە پێشەنگەکان لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی پەیوەندییە پەیوەندییە نێودەوڵەتی و ستراتیژییەکان.، گریمانەکانی لەلایەن زۆرێک لە توێژەران و زانایان و لایەنە ئارەزومەندەکانی جیهانەوە پشتیان پێدەبەسترێت بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو ڕووداو و گۆڕانکاریانەی لە جیهانی ئێمەدا ڕوودەدەن. جێگەی مشتومڕ و بۆچوونی زۆر بووە .

ڕیالیزم وەک ناوەکەی دەریدەخات، لە واقیعەوە دەست پێدەکات- واتە بەو شتەی کە هەیە، نەک بەو شتەی کە دەبێ هەبێت. ڕەنگە گرنگترین گریمانەکان کە ئەم تیۆرە بۆ جیهانی ئێمە داڕشتووە، چەمکەکانی بەرژەوەندی، هێز، هاوسەنگی هێز و ڕێگریکردن بن، ئەم تیۆرە هەوڵدەدات ڕوونی بکاتەوە کە دەوڵەتەکان چی دەکەن و بۆچی ئەو کارە دەکەن و پێویستە چی بکەن، دەوڵەت وەک بناغەی خۆی وەردەگرێت، پێی وایە تاکە قەوارەی خاوەن سەروەری ڕەهایە کە لە هیچ بارودۆخێکدا ناتوانرێت دەستبەرداری هیچ لایەنێکی تر بێت، ئامانجی دەوڵەت مانەوەیە لە جیهانێکی نائاسایشی و جێی متمانەدا، هەربۆیە دەبێت لە هەموو کاتێکدا خۆی بپارێزێت بە کەڵەکەکردنی دەسەڵات و دانانی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە سەرووی هەموو ڕەچاوکردنی دیکەوە.[2]

لە ناو ڕیالیزمەوە قوتابخانەی فیکری جیاواز سەریان هەڵدا، لەوانە: ڕیالیزمی کلاسیک، کە بەو بۆچوونە دەست پێدەکات کە سروشتی مرۆڤ بنچینەی هەموو خراپەکانە، ڕوانگەیەک کە لە خودی دەوڵەتەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، لەسەر بنەمای ئەو پێشمەرجەی کە مرۆڤەکانن کە ڕێڕەوی خۆیان بەڕێوەدەبەن و بەمجۆرە، ڕەنگدانەوەی مەیلی شەڕانگێزی و خۆپەرستی خۆیانن، بیرۆکەی دیکەش سەریان هەڵدا، کە نوێنەرایەتی نیوریالیزمیان دەکرد، کە لە پرسی بەدواداچوونی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی و دەسەڵاتی خۆی جیاوازی نییە لەگەڵ ڕیالیزمی کلاسیکدا. بەڵام لە پرسی خاڵی دەستپێکدا کە لێیەوە سەرچاوە دەگرێت یان بنیات دەنرێت لەگەڵیدا جیاوازە. ڕیالیزمی نوێ لە پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتییەوە دەست پێدەکات نەک سروشتی مرۆڤ، وەک ئەوەی لە ڕیالیزمی کلاسیکدا هەیە. سیستەمێکی نێودەوڵەتی کە بە ئانارشی تایبەتمەندە، نەبوونی دەسەڵاتێکی سەروەری کە بتوانێت بوونی خۆی بەسەر دەوڵەتەکاندا بسەپێنێت و لایەنەکانی دیکە دەوڵەتەکان پاڵدەنێن بۆ ئەوەی بەدوای دەسەڵاتدا بگەڕێن بۆ ئەوەی بوون و ئاسایشی خۆیان مسۆگەر بکەن. بەڵام ئەو- ڕیالیزمی نوێ- لە قەبارە و ڕادەی ئەم دەسەڵاتەدا جیاوازە. ڕیالیستە بەرگریکارەکان وەک کینێس والتز پێیان وایە دەوڵەتێک دەبێت دەسەڵات کۆبکاتەوە بۆ پاراستنی بوونی خۆی و بەدیهێنانی هاوسەنگی هێز لەگەڵ دەوڵەتە ڕکابەرەکانی دیکە. ڕیالیزمی هێرشبەر کە جۆن میرشایمەر نوێنەرایەتی دەکات، پێی وایە کە هیچ سنوورێکی دیاریکراو بۆ کەڵەکەبوونی دەسەڵات نییە، بەو پێیەی دەوڵەتێک بەردەوام دەبێت لە زیادکردنی هاوسەنگی هێزەکەی تا دەگاتە قۆناغێکی هەژموون نەک هاوسەنگی، وەک ئەوەی لە ڕیالیزمی بەرگریدا هەیە.[3] لێرەدا ئاماژە بەدوو جۆری ریالیزم دەدەین بەمشێوەیە:

---

[1] -عمر كامل حسن، جيوبولوتيكية موقع العراق واثره في سياسته الخارجية، مجلة جامعة الانبار للعلوم الانسانية،المجلد1، العدد4، العراق،2022،ص.499.

[2] )أحمد محمدوهبان، النظرية الواقعية وتحليل السياسة الدولية من مورجنثاو إلى ميرشامير"دراسة تقوميية"، كلية الدراسات الاقتصادية والعلوم السياسية – جامعة الاسكندرية،بدون السنة، ص١٠.

3 )هەمان سەۆچاوە،ص١١.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

### داواکاری یەکەم:ڕیالیزمی کلاسیک

ڕیالیزمی کلاسیک لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا تیۆرێکی سیاسییە کە دوای شکستی بزووتنەوەی ئایدیالیستی سەریهەڵدا. ئەم تیۆرییە لەسەر بنەمای بێباوەڕی بە فەزیلەتەکانی مرۆڤ و تەنانەت ئینکاریکردنە لە فەزیلەتەکانی مرۆڤ. هەروەها باوەڕی بە هیچ کردەیەکی سیاسی نییە کە لە فەزیلەتەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتبێت. ئەم تیۆرییە بنەما تایبەتەکانی خستەڕوو کە سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەر بنیات نراوە، واتە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکە کە پڕە لە خراپە و مەیلی ئەنجامدانی خراپە و گوناهە، ئەم تیۆرە وادەڕوانێتە مرۆڤ، بە سروشت، ئارەزووی کۆنترۆڵکردن دەکات و هەوڵ دەدات بۆ دەسەڵات. ئەمەش لە ململانێ و شەڕ و ململانێ بۆ دەسەڵات و نفوزدا دەردەخات و ئەمەش دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی دەسەڵات بە هەر شێوازێک دەوڵەت، ڕیالیزمی کلاسیک بە یەکێک لە گرنگترین تیۆرییە سیاسییەکان دادەنرێت کە لە ماوەی شەست ساڵی ڕابردوودا زاڵ بووە بەسەر توێژینەوە ئەمنییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ئەم تیۆرە هەوڵ دەدات میکانیزمی سیستەمی نێودەوڵەتی و هۆکاری ناکۆکی نێوان دەوڵەتەکان ڕوون بکاتەوە. سەرچاوەی فیکریی ڕیالیزمی کلاسیک لە تیۆرییەکانی ئێدوارد کار و هانس مۆرگنتاو سەرچاوە دەگرێت[1].

ڕیالیزمی کلاسیک لەسەر چەند گریمانەیەک دامەزراوە، بەم شێوەیە:[2]

١- پەیوەندییە سیاسییەکان بە یاسای بابەتیی بەڕێوەدەچن.
٢- ڕیالیستەکان جێبەجێکردنی بنەما ئەخلاقییەکان بۆ ڕەفتاری دەوڵەتەکان ڕەتدەکەنەوە.
٣- دەوڵەتی نەتەوە یەکەیەکی بنەڕەتی شیکارییە. دەوڵەت یەکەیەکی یەکگرتوو پێکدەهێنێت و سەرەڕای بوونی چەندین ناوەندی دەسەڵات، ئەکتەرێکی ئومێدبەخشە.
٤- ڕیالیزم وا گریمانە دەکات کە دەوڵەت بە شێوەیەکی عەقڵانی ڕەفتار دەکات.
٥- بەرژەوەندی نەتەوەیی هەمیشە بە ئاسایشی نەتەوەیی پێناسە دەکرێت.
٦- پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی سیستەمێکی نێودەوڵەتیدا ڕوودەدەن کە دەسەڵاتێکی ناوەندی نییە، کە بە ئانارشی ناسراوە.
٧-لایەنگرانی ڕیالیزم پێیان وایە ململانێ بۆ دەسەڵات کرۆکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە.

### داواکاری دووەم:ڕیالیزمی نوێ(نیوریالیزم)

نیوریالیزم تیۆرێکی پێشەنگە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. هەوڵێکە بۆ بنیاتنانی ڕێبازێکی زانستیتر بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لە سەدەی بیستەمدا جێگەی ڕیالیزمی کلاسیکی گرتەوە. لە نیوریالیزمدا پرسیارە ئەخلاقییەکان تا ڕادەیەکی زۆر پشتگوێ دەخرێن. ڕیالیستەکان بە گشتی پەیوەندی نێوان پەیوەندییە سیاسییەکان و بەهاکان و ئەخلاق دەخەنە ژێر پرسیارەوە و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جێگەی ئەخلاق نییە، نیوریالیزم وەک هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕیەکانی ڕیالیزمی کلاسیک لە ڕێگەی ڕوانگەیەکی زانستیترەوە هات. بە پێچەوانەی ڕیالیزمی کلاسیکەوە کە ڕەگ و ڕیشەی لە ململانێی دەسەڵات و پەیوەستبوونی بە سروشتی مرۆڤەوە هەیە، نیوریالیزم خۆی لە هەر باسێکی فەلسەفیانە لە سەر سروشتی مرۆڤ بەدوور دەگرێت، لەبری ئەوە تیۆرێکی سیاسەتی نێودەوڵەتی هاوشێوەی مایکرۆئابووریی دەگرێتەبەر. باس لەوە دەکات کە دەوڵەتەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا وەکو بزنسەکانن لە ئابووری ناوخۆییدا، هەمان بەرژەوەندی بنەڕەتییان هەیە: مانەوە، نیوریالیزم ئەو تێڕوانینە ڕەتدەکاتەوە کە سروشتی مرۆڤ لە ڕەفتاری دەرەکی دەوڵەتێکدا ڕەنگ دەداتەوە. پێی وایە کە پەیڕەوکردنی پێوەرە زانستییەکان بۆ پێناسەکردنی سروشتی مرۆڤ ئەستەمە، هەروەها لێکۆڵینەوە لە لایەنە کەسییەکانی بڕیاردەرەکان مەرج نییە بە مانای تێگەیشتنێکی دروست لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بێت. بۆ نموونە ڕەنگە بڕیاردەرێک بە شێوەیەکی سروشتی

[1] ) Serban, Ionut. , "Theories and Concepts in International Relations from Idealism to Realism", Revue des Sciences Politiques, (No. 40),2013 ,p.55.

[2] ) Donnelly, Jack. , Realism and International Relations, Cambridge University Press,2000.p.8

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

بەخشندە بێت، بەڵام ڕەنگە لە چوارچێوەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ناچار بکرێن بە خۆپەرستانە مامەڵە بکەن. بۆیە پێویستە لەبری ئەوە تەرکیز لەسەر سروشتی پێکهاتەی سیستەمەکە بێت، نیوریالیزم تیشک دەخاتە سەر سروشتی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی، کە بەپێی بۆچوونی کینێس والتز، دامەزرێنەری تیۆرەکە، لە چەند زلهێزێکی گەورە پێکدێت کە هەوڵدەدەن بۆ مانەوە. تیۆرییەکە پێکهاتەی سیستمەکە وەک ئاژاوەگێڕانە دەڕوانێت، هیچ دەسەڵاتێکی باڵاتری لە دەوڵەتان نییە بۆ ڕێکخستنی ڕەفتارەکانیان و پاراستنیان لە یەکتر. بۆیە هەر دەوڵەتێک بە هەوڵدان بۆ بەردەوام بۆ زیادکردن و فرەکردنی دەسەلاتەکەی، هەوڵی پاراستنی مانەوەی خۆی و پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی خۆی دەدات.[1]

ریالیزمی نوێ لەسەر چەند گریمانەیەک دامەزراوە:[2]

1- دەوڵەت: دەوڵەتەکەی بە ئەکتەری سەرەکی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی دادەنرێت. سەروەرە و سەربەخۆیە لە یەکتر، و پابەندە بە دەستەبەرکردنی مانەوەی خۆی.

2- ئانارشی سیستەمی نێودەوڵەتی: ئەم شۆڤێنیزمە لە دەوری سنووردارکردنی هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکان لە غیابی دەسەڵاتێکی ناوەندیدا، و جیاکردنەوەی دەوڵەت بە دەسەڵاتەکانی نەک ئەرکەکانی دەسوڕێتەوە.

3- دەسەڵاتی دەوڵەت: دەوڵەت نوێنەرایەتی زامنی مانەوەی دەکات کە لە ڕێگەیەوە دەوڵەت دەتوانێت لە ڕێگەی هێزی سەربازی و ئابووری و دیپلۆماسیەوە بەرگری لە خۆی بکات.

4- هاوسەنگی هێز: ئەمەش داوای هاوسەنگی هێز دەکات لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. هەرچەندە پێداویستی هەر دەوڵەتێک لەیەک دەچێت، بەڵام ئامرازەکان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازن و هیچ ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بەو دەوڵەتە نییە. هاوسەنگی هێز لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەم شێوەیە بەدی دێت:

- هاوسەنگی ناوخۆیی، لەگەڵ پەرەپێدانی توانا و سەرچاوەکانی دەوڵەت لەرێگەی کەڵک وەرگرتن لە گەشەی ئابووری.
- هاوسەنگی دەرەکی، لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی بۆ سوودوەرگرتن لە دەسەڵاتی دەوڵەتی بەشدار.

*جۆری سەرەکی تیۆری نیوریالیستی هەیە، بەم شێوەیە:[3]

ڕیالیزمی هێرشبەر: ڕیالیزمی هێرشبەر پێی وایە دەوڵەتەکان هەوڵدەدەن دەسەڵاتی خۆیان زۆرترین بکەن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ئاسایش. ئەم بیرۆکەیە لەلایەن میرشایمەرەوە وەرگیراوە.

ڕیالیزمی بەرگری: ڕیالیزمی بەرگری پێی وایە دەوڵەتەکان هەوڵ دەدەن دۆخی ئێستا بپارێزن بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی خۆیان، نەک زۆرترین دەسەڵاتی خۆیان. ئەم بیرۆکەیە لەلایەن جاک سنایدەر و چارلز گلازەرەوە وەرگیراوە.

بەپەیڕەوکردنی تیۆری ریالیزم لەسەر کاریگەرییەکانی جەنگی ڕووسیا وئۆکرانیا لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق، بەرجەستە دەبێت لەوەی کە جەخت دەکرێتەسەر دەسەڵات وئاسایش ومانەوەیە ، ڕووسیا بەشێوەیەک هەوڵی گەیشتن بە سیستەمی هێزی نوێ وپاراستنی پێگەی خۆی دەکات وەک وڵاتێکی زلهێز بەتایبەتی دژی فراوانبوونی پێگەی ئەمریکا و ئەوروپا لە جیهان دا، ئەمەش گەورەترین ڕووداوی نێودەوڵەتیە لەڕووی هێزەوە.

بەپێی ڕیالیزم عێراق وڵاتێکی بەهێز نییە لەناو سیستەمی نێودەوڵەتی دا ، جەنگی ڕووسیا وئۆکرانیا کاریگەری گەورەی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق دا هەیە، لەلایەک هەوڵ دەدات باڵانسی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە گەورەکانی وەک( ئەمریکا وڕووسیا)بەرجەستەبکات، بۆ پاراستنی پێگەکەی، عێراق لەڕووی لایەنی سەربازی وئابووری ودبلۆماسییەوە هاوپەیمانی ڕووسیا وئەمریکا بووە، بەڵام بەهۆی ئەم جەنگە کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق درووست

[1]) Lasan, Nicoleta,International Relations Theories and Security, The Public Administration and Social Policies Review IV, No. 2(9), . (December 2012),p.40

2 ) Wohlforth, William C,"Gilpinian Realism and International Relations", International Rel.ations ,25/4, .(December 2011), p.p499-511.

3 )رمضان غيث، الواقعية الجديدة ،موقع الموسوعة السياسية، تاريخ النشر2020/9/12،تاريخ الزيارة 2025/6/13:
https://political-encyclopedia.org/dictionary

کردووە، ئەمەش وادەکات بەپێی تیۆری ریالیزم هاوسەنگی هێز سیاسەتی دەرەوەی دا پەیڕەوبکات وبەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی پێشەوەی هەموو شتێک داناوە.

## بەشی دووەم

## کاریگەری جەنگی روسیا وئۆکرانیا لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لەم بەشەدا گەنگەشەی ئەو لێکەوتانە دەکەین کە کاریگەری ئەوتۆیان هەبووە لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی وعێراق بەتایبەت، وکاریگەرییەکانیش خۆی دەبینێتەوە لە بواری سیاسی وئابووری ....، هەربۆیە لێرەدا دەخەینەڕوو:

### باسی یەکەم

### کاریگەری جەنگ لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

شەڕی ئۆکرانیا و گۆڕانگارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: تاوتوێ کردنی کاریگەرییەکانی شەڕی ئۆکرانیا لەسەر هاوکێشە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان، بەتایبەتی پێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم پێشهاتانەدا. وە گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆسەر دەسەڵات و کاریگەرییەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا: دڵشاد مەجید لێکەوتەکانی گەڕانەوەی ترەمپ و کاریگەریی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆڵی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئێرانی شیکردەوە. وە شەڕی غەززە و کاریگەریی لەسەر داهاتووی ناوچەکە، بەتایبەت کوردەکانی هەرێمی کوردستان: لەم بەشەدا پێگەی کورد لە هاوکێشە ناوچەییەکان و کاریگەریەکانی شەڕی غەززە لەسەر ئایندەی ناوچەکە و بەتایبەت ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان لەم گۆڕانکاریانەدا شی کرایەوە[1].

ناتۆ شەڕی ئۆکارینای بەسەر ڕووسیادا سەپاند: ئامانجی ناتۆ گەمارۆدانی ڕووسیا و چین و ناچارکردنی ڕووسیایە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەورووپا هاوڕابێت. دواجار ڕووسیا ئاگادار دەکەنەوە کە فشاری لەسەر دروست دەبێت. زۆرینەی ئەوانەی کە لە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەی ڕۆژئاوایدان پێیان وایە ڕووسیا ئەم شەڕەی دەستپێکردووە. نەخێر ناتۆ ئەم شەڕەی بەسەر ڕووسیادا سەپاند. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ڕووسیا تەنیا ئەو شارانەی گرتووە کە دەکەونە کەنارەکانی دەریای ڕەشەوە بۆ ئەوەی ڕێگری لە چوونە ژوورەوەی ناتۆ و هێزی شەشەمی ئەمریکا بکات بۆ ئەو ناوچانە. وە ئەم ململانێیانە فراوانتر بوون و بوونە هۆی ئەوەی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە دژی ڕووسیا یەکبگرن. بۆیە ڕووسیا شەڕی دیکەی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دروست کرد تا لەم یارییانە ڕزگاریی ببێت. بۆ نموونە لە هەمان کاتدا لە ئەفریقا پێنج شۆڕش لە دژی فەرەنسییەکان ڕوویدا، چوونکە فەرەنسا سەرکردایەتی یەکێتی ئەورووپای دەکرد دژی ڕووسیا. بۆ نموونە لە وڵاتانێک وەکوو بورکینافاسۆ، نیجەر و مالی ئەم شۆڕشانە لە ماوەیەکی کورتدا ڕوویانداوە[2].

ستراتێژیی ئەمریکا: ناسەقامگیر کردنی ناوچەکە بۆ ڕێگری کردن لە ئابووری دووجەمسەری: ئەگەر باش ورد بینەوە لە ساڵی ٢٠٠٣وە شەڕگەکان گەورەتر دەبن بۆ نموونە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پڕۆژەی دووجەمسەریی ئابووری، شەڕی سونە و شیعە دروست بوو داعش سەریهەڵدا تەنانەت بەهاری عەرەبی بەشێک بوو لەو سترتێژییە کە ناسەقامگیری دروست ببێت بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژەیە سەرنەگرێت؛ لە هەرشوێنێک ناسەقامگیری هەبوو ئیقتساد ئیشی بۆ ناکرێت یەعنی ئەمریکا بە قەسد و بە عەمدەن ناسەقامگیری دروست دەکات لەو ناوچانەدا، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر ئێران سونە بایا و دەوڵی عەرەبی هەموویان شیعە بان دووبارە لەنێوان سونە و شیعە هەر ململانێی دروست دەکرد لەنێوانیاندا. ئەمە هەمووی سیاسەتە. ئەمە پێوەندیی بە شیعە بوونی ئێرانەوە نییە. لە ٦٠ و ٧٠کاندا واتا سەردەمی شا ئێران دەوڵەتێکی شیعی بوو بەڵام پۆلیسی

---

[1] دلشاد مجید، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ململانێ جیهانییەکان؛ لەشەڕی ئۆکرانیا تا ململانێی ئابووریی بریکس، بەرواری سەردان: 2025/4/2 : بڕوانە ئەم بەستەرەیە:

https://ku.kurdpress.com/news/224444ڕۆژهەڵاتی-ناوەڕاست-و-ململانێ-جیهانییەکان-لەشەڕی-ئۆکرانیا-تا

[2] هەمان سەرچاوە.

ئەمریکا بوو، مەبەستی من ئەوەیە کە ئەم بابەتە بۆ درێژکردنەوەی شەڕەکانە واتا گرژییە جیهانییەکـان بەرەو ئاڕاسـتەیەک دەڕۆن کە شایەتحاڵی شەڕی زیاتر بین وو ئەمەش دەبێت بۆمان زۆر ئاسایی و نۆرماڵ بێت[(1)].

شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەری تەواوی لەسەر قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە، ولـێکەوتە وکاردانەوەکـانی فرەڕەهەندە، سەرەڕای کاریگەرییە سەربازی و ئەمنییەکانی سنووردار، لە ڕووی سیاسییەوە دەتوانرێـت بڵێـین کە ئەکـتەرە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانی ناو ململانێکان خۆیان لە دژی یەکتر و دژی جیهانی دەرەوە جێگیر کردووە و ئەمەش کاریگەری لەسەر هاوپەیمانییە سیاسییەکان هەبووە.[2]

پێش هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆخێکی نوێی بەخۆیەوە بینیبوو، بەهۆی کەمبوونەوەی پەرەسەندنی ناوچەیی، ئەمەش هەندێک بەستێنی نـاوچەیی گـۆڕی، وەک گەڕانەوەی پەیوەنـدییەکانی تورکیـا و عەرەبـی و گرژییەکانی سعودیە و ئێران، کە بە شێوەیەکی مەنتقی هێور بـووەوە دوای ئەوەی هەردوو وڵات لەژێـر چـاودێری عێراقـدا گفتوگۆیەکی دوولایەنەیان دەستپێکرد. ئەم دیالۆگە لەم دواییانەدا بە نزیکبوونەوەیەکی دیپلۆماسی ڕوون و گەڕانـدنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان هەردوو وڵات کۆتایی هات. ئە مە جگە لە گۆڕانکارییە کانی سیاسە تـی ئـە مـە ڕیکـا لـە ناوچە کە دا دوای هاتنە سە ر دە سە ڵات جۆ بایدن سە رۆک کۆماری تورکیا و دە ستپێکردنە وە ی دانوستانە کان لـە گـە ڵ ئێران بۆ بوژاندە وە ی ڕێککە وتننامە ئە تۆمییە کە و تێکچوونی پە یوە ندییە کانی ئە مریکا و کـە نـداو. لە کاتێکـدا شـەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەری نەبووە لەسەر ڕەوتی لاوازبـوونی نـاوچەیی، بەڵام کاردانەوەکـانی لە چوارچێـوەی دیـکەدا بە ڕوونی هەستیان پێکراوە، لە سوریا و دانوستانە ئەتۆمییەکانی ئێرانەوە تـا دەگـاتە دارشـتنەوەی تورکیـا و پەیوەنـدییەکانی کەنداو لەگەڵ ڕۆژئاوا و گرژییەکانی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا و ئیسرائیل و ڕووسیا[3].

